# ئیغتصاب:  چەکیکی کوشندە لە جەنگدا[1]

وەرگیرانی لە ئینگلیزیەوە:  کەژاڵ حەمە رەشید
kazhalh@yahoo.com

- لە دارفوری رۆژئاوای سودان کچانی خوار تەمەنی 8 ساڵ بەشیوەیەکی رۆتینی ئیغتصاب دەکرین.
- ژنیك وەسفی ئەو مەینەتیە دەکات  لە کاتی هیرشی (ئیغتصابی بە کۆمەڵدا) بۆیان کە هەندیکیان مناڵ بوون.
- ژنانی دووگیان ناچار دەکران بە بەجیهیشتنی کۆرپەکانیان کە لە ئە نجامی ئیغتصابکردنیانەوە لە دایك ببون.
- جە نجەویـد هیرشـی سیکسـی کردوەتـە سـەر ژنـان لـە هـەموو تەمەنـەکان و تەنانـەت ژنـانی دووگیـانیش .



کاتیك دادگای نیو دەولەتی لە (Hague) ئاماژەی کرد بە (دەست دریـژی سیکسـی-ئیغتـصاب) وەك تـاوانیکی جـەنگ لـە ئـەفریقا ووتـی " ئەمە ئەو قوربانیانەیە کە وای دەبیننەوە کە حوکمی کوشتنیان بەسەردا براوە."

(Stephen Lewis) نمایندەی نەتـەوە یـەکگرتوەکان سـەبارەت بـە (HIV\AIDS) لـە ئـەفریقا دەلیـت: " ئیغتـصاب وای لیهاتوە نەك تەنها تاوانیکی جەنگە ،بەلکو هەلبژاردەی تاوانەکانە." ئەو کەسـانەی کـە تـاوانی ئیغتـصاب ئـە نجام دەدەن خۆیـان دەیانزانی کە نەخۆشی ئایدزیان هەیە بۆیە ئەم تاوانە دەبیت بەشیوەیەکی جیاوازو تاییەت سەیر کریت .

لـە روانـدا ، جمهوریـەتی د یمـۆکراتی کۆنغـۆ ، سـیرالیۆن ، هـەروەها وولاتـانی تـری ئـەفریقی سـەدان هـەزار ژن ئیغتـصاب کـراون بەشیوەیەکی ریگەبۆخۆشکراو لەلایەن  پیاوانیکەوە کە زۆر بەدلنیاییەوە دەیانزانی کە هەلگری (HIV)[2] کە دەبیتـە هـۆی نەخۆشـی ئایدز .

کۆمەلەی خیرخوازی وای هەلسەنگاندوە کە زیاتر لـە 1\3ی ئیغتصابـچیەکان کـە بەشـداریان لـە جینۆسـایدکردنی رەوانـدا دا کـردوە خۆیان بەو ڤایرۆسە توش ببون .

هەرچەندە ئغتصاب خۆی وەك تـاوانیکی جەنگ ئاماژەی  پیکراوە  لەلایەن "دادگای جنـائی نیـو دەولـەتی " لـە (Hague) لەسـالی 1996 دا کەچی هیشتا ماددەیەکی یاسایی وابەستە لەبەرامبەر بلاوکردنەوەی عمدی نەخۆشی کوشندەی ئایدزدا  نی یە.

(Lewis Former) نـیردراوی کەنـەددی نەتەوەیـەکگرتوەکان کـە ئـەم هەفتەیـە دەنیردریتـەوە بـۆ ئـەفریقا بـۆ چـاوگیرانەوە بـە پرۆسەی چارەسەرکردنی ئایدزدا دەلیت:  " قوربانیەکانی ئیغتصاب لە ئەفریقا بەزۆری لە ناوچە فەقیر نشینەکاندان کە هـەلهاتن و دەربازبونیان زۆر قورسە چونکە لەناوچەکانی جەنگ دا دەژین .  کاتیکیش توش دەبن بە نەخۆشیەکەش لە راستیدا هیچ شانسیان نیـە لە گەیشتنی یارمەتی پییان، بۆیە سەرئە نجام ئەوانە دەمرن.

ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی دەلیت:  لە دارفوری رۆژئاوای سودان کـچانی خـوار تەمـەنی 8 سـالان بەشـیوەیەکی رۆتـینی ئغتـصاب دەکرین و وەك کۆیلەیەك فشاریان بۆ دەهینریت بۆ مەرامی سیکسی لەلایەن جە نجەویدو میلیشیا عەرەبەکانەوە لە کـەمپینی هەلمـەتی پاککردنەوەی نەژادیدا کە وا بـاوە لەلایـەن حکومـەتی سـودانەوە پـشتیوانی لیکـراوە .  حکومـەتی سـودان دانـی بـەوەدا نـەدە نـا کـە

پشتیوانی میلیشیا عەرەبەکانی کردبی لەشەری خۆیدا دژی نەیارەکانی لە دارفور کاتیك شوانکارە عەرەبەکان و جوتیارە رەش پیستەکان هاواری نارەزایەتیان لەدژی بەرزکردبوەوە بەدریژایی چەند سال.

یەکیك لە ژنە رزگاربوە دارفوریەکان لەلیکۆلینەوەیەکی ئەمنستیدا دەلیت: جە نجەوید ئەژنۆی هەندیك لەژنان و کچانی شکاندبوو تا ریگەی هەلهاتنیان لی بگریت. هەرچەندە پیاوان ژمارەی گەورەی ئەو تاوانانە پیك دەهینن بەلام ئەمنستی دەلیت : " چەندین را پۆرت گوزارشت لەوە دەکەن کە ژنانی گۆرانی بیژی جە نجەوید کە ناسراون بە ( Hakama ) کە پەیوەندیان کردوە بە میلیشیاکانەوە لە دەورانی هیرش و ئیغتصابەکاندا هاندەریان بون و ئەوپەری سوکایەتی و بی حورمەتیان بە قوربانیەکان دەکرد لەگەل تانەو تەشەر دان بە نەژادو رەچەلەکیان.

بەهۆی ئەو عەیب و عارو سەرشۆریە کۆمەلایەتی یەی کە وابەستەیە بە ئیغتصابەوە ئەمنستی چەندین قوربانی تری لیست کردوەتە سەر ژمارەی تاوانەکان کاتیك کە قوربانیەکان ناویرن ئارام و تەحەمولیان بشکینن سەبارەت بەو هیرشە سیکسیانە بۆ سەریان.

بەلام سەدەهای تر داستانی دل تەزین دەگیرنەوە لە بارەی بەسەرهاتەکانیان کە تەنها بریتی نەبوە لە ئیغتصاب کردن بەلکو هەروەها ئەشکە نجە دان و کوشتنی ئەندامانی خیزانەکانیان لەلایەن میلیشیا عەرەبەکانەوە. هەندیك لەو ژنانە دەلین کە پیاوە سپی پیستەکانی ناو میلیشیاکان پییان ووتوین کە ئیوە بە تاییەتی مەبەستن چونکە رەش پیستن .

را پۆتی رۆژی دووشەممەی ئەمنستی دەلیت : ئەم جەوە ترسناك و زۆر درندانەیە لەلایەن تەواوی گروپەکانی ناو دارفورەوە وا نیشان دراوەکە نموونەو شیوەی سزا دان بیت بۆ ئەو دانیشتوانەی کە لە دژی حکومەتی مەرکەزی راوەستاون. هەروەها را پۆرتەکە دەلیت کە جە نحەوید هیرشی سیکسی کردوەتە سەر ژنان لە هەموو تەمەنەکان و تەنانەت ژنانی دوگیانیش.

ژنیك لە دێی ( Garsila ) دەلیت: "من لەگەل ژنیکی تردابووم کە ناوی ( ئەزیزە )ە بوو تەمەنی 18 سال بوو ئەو دەردی دلی خۆی بۆ هەلرشتم ئەو شەوە کە رفیندرابووین." ئەو دووگیان بوو دواتریش کۆرپەکەیان کووشت چونکە دەیان ووت " منالەکەی لە دوژمنانە."

یەکیکی تر شایەدی ئەوەی دەدا کە ژنان بە کوشتنی کۆرپەکانیان بە پیش چاوی خۆیانەوە ، سزا دەدران کاتیك دەیانوویست هەلبین .
هەندیك ژن دەیانووت کە بە لیدانی زۆر توونید کە مەبەست قاچ شکاندنیان بوو ریگەیان لیگیراوە هەلبین.
یەکیکی تر لەو قوربانیاینە وەسفی ئەو مەینەتیە دەکەن لە کاتی هیرشی ( سیکسی بە کۆمەل ) دا بۆیان کە هەندیکیان منال بوون.
ژنیك لە دێی ( Silaya ) کە لەگەل 8 کچ و ژنی تردا گیرابوون دەگیریتەوە: پاش 6 رۆژ هەندیك لە کچەکان بەرەللا کران ، بەلام ئەوانەی تر کە لە 8 سال منالتر بوون لەوێ دەست بەسەربوون. 5-6 پیاو یەك لەدوای یەك هەموو شەو ئیمەیان ئیغتصاب دەکرد لە ماوەی 1 سەعات دا لەو 6 رۆژەدا.

ئەمنستی ناوی 50 ژن و منالی دابوو کە لەو کاتەوەی رفیندرابوون بی سەرو شوین بوون بەبی هیچ زانیاریەك لە بارەیانەوە.
هەروەها ئەمنستی دەلیت : ئیغتصابەکان بەزۆری بەدوای هیرشی شەرەکاندا هاتوە لە دیهاتەکانی دارفور چونکە ژنان بە ئاسانی دەستیان بەسەردا دەگیرا لەلایەن جە نجەویدەوە .

ژنان لە دارفور بە ئاسانی دەستیان بەسەردا دەگیرا بۆ بی حورمەتی پیکردنیان ، وە ژنان ئاسانتر دەست بەسەر دەبوون لەو زەمینە چەکداری و جەنگیەدا ، چونکە ئەوە ژنانن بەرپرسیارن لە سەر پەرشتی کردنی منالان و ئەندامانی تری خیزان . ژنان خزمەتچی سەرەکی خیزانن کەوایان لیکراوە لەبارتربن بۆ بریندداربوون و هیرش کردنە سەریان لە کاتی هیرشە جەنگیەکاندا. ژنان بۆیە بەزۆری یەکەم هیرشیان کراوەتە سەر لەکاتی هیرشە جەنگیەکاندا چونکە ئەوان نزیك ترن لە ناو دیهاتەکان لەبەراورد بە پیاوان کە زیاتر مەیلی کۆبوونەوە لە جیگای دورتر لە ئاوایی و دیکان دەکەن.

را پۆرتەکەی ئەمنستی دەلیت بەهۆی بەردەوامی ئەو سوکایەتی و بی حورمەتیانە لەو ناوچەیەدا ژنان چەند قات زیاتر لە پیاوان لەژیر چاودیریدان لەنیو دیهاتیەکان و هەروەها لە نیو پەنا بەراندا. هەروەها را پۆرتەکە دەلیت ژنان هیرشیان کراوەتەسەرو ئیغتصاب کراون لەکاتی قەتل و عامکردنی دیهاتەکان و کەمپەکان و ئەو کاتانەی کە بەشوین جیگایەکدا دەگەران تیا بحەوینەوە.

هەندێك لەو ژنانەی كە لـەدژی ئـەو سـوكایەتیانە قـسەیان كردبـوو لـەماوەی سـەردانەكانی كەسـانی بیـانی سـەر بـە UN نەتـەوە یەكگرتوەكان یان كارگێری حكومەت ، لەلایەن جەنجەویدەوە دەكوژران یان دەگیران و نەفی دەكران لەلایەن هێزەكـانی ئـەمنی قـەومی یان لەلایەن مخابراتی عەسكەریەوە.

خەلكی راگویزراو رەوانەی جیگایەك كـراون كـە بۆخـۆی زینـدانیكی واقعیـەو مـافی ئـازادی و هەرچـالاكیەكیان لـی زەوت كـراوە. ئـەم بیحورمەتیانە لەدژی خەلكی مەددەنی تەنها شكاندن و لەژێر پێنانی مافە نیو نەتەوەییـەكانی مـرۆڤ نـی یـە ، بـەلكو هەولدانـە بـۆ قیزەونكردن و داروخاندنی ژێرخانی كۆمەلایەتی ئەو كۆمەلگایانە. را پۆرتەكـەی ئەمنـستی ئیـشارەتی بـە ئـە نجامگیری دەورەیـەكی دریژخایـەنی ئیغتـصاب داوە لـە دارفـور لەوانـە راگـویزانی زۆرینـەی قوربـانیـەكان و ناچـاركردنی ژنـانی دووگیـان بەبەجیهیـشتنی كۆرپەكانیان كە لە ئە نجامی ئیغتصابكردنیانەوە لەدایك ببون.

هەروەها دەلیت سوكایەتی و چەوسانەوەی ئەو ژنانە دەرواتە ئەوپەری مەسەلەی واقعـی ئیغتـصابیش. بـەبروای هەنـدیك دەیـانووت دووگیان بوون تـەنها لـە ئـە نجامی سیكسی خـوازراوەوە بـووە، ئەمـە لـە دژایـەتی ژنـانی دووگیانـدا كـە دەیـانزانی ئیغتـصابكراون. تەنانەت ئەوانەش كە دووگیان نەبوون لەلایەن خیزان و میردەكانیانەوە حاشایانلیكراوە.

هەرچـەندە هـەلی دەست راگەیـشتن بـە دەرمـان و سەرپەرشـتی پزیـشكی كـە دەبـی بـەو ژنانـە بگـات كـە تووشـی HIV بـوون یـان لەبرینداربوونی توندی ئیغتصابكردن دەنالینن، بەشیوەیەكی زۆر بی بایەخ و پوچە. ئەمنستی بە كۆمەلگای نیو دەولەتی ووتـوە كـە سەرپەرشتی و خواردن، ئاوو، جیگەی حەوانەوە ئامادە بكات بۆ یان .

دارفور بەردەوام خراپترین و گەورەترین قەیرانی ئینسانیە كە هەزاران كەس بی نان و ئاون و هـەزارانی تـر بەتایبـەتی كۆرپـەی تـازە لەدایكبوو و منالانی تر رۆژانە دەمرن بەهۆی تووش بوونیان بە نەخۆشی. هەروەها راپۆرتەكەی ئەمنستی دەلیت : پیشبینیەكان بـۆ پیشگرتن و بە دادگـادانی ریـژەی بـەرفراوانی ئیغتـصاب لـە دارفـور چـاوەروان نـەكراوە. " لەمبارەیـەوە تەنانـەت یـەك كەسـیش لـە جەنجەویدەكان یان هیزە چەكدارەكان سزا نەدراون لە بەرامبەر ئە نجامدانی ئەو هەمووئیغتصاب و رفاندنانە ."

لە جمهوریەتی دیموكراتی كۆنغۆدا بەهەمانشیوە دلەراوكی و بەدگومانی زۆر بلاوە سەبـارەت بـەو دەسـەلاتدارانەی كـە خۆیـان خولیـاو ئالودەی ئیغتصابن و لەگەل ئەوەشدا بایەخ نادریت بە را پۆرت و دادگایی كردنی ئەو تـاوانبارانە.

كارگیریكی بەرپرسیار لە سەرپەرشتی و چاودیریكردنی ژنان و منالان دەلیت: لە 60 كەیس كە را پۆرت كرابوون لـە مـاوەی سـالیك دا تەنها دوانیان 2 گەیشت بە ئۆفیسی دادگای گشتی و دەدریت بەسـەنتەری مافـە نیـو نەتەوەییـەكانی مـرۆڤ و چـالاكی دیمـوكراتی لـە مۆنتریال . هەروەها گروپە مرۆڤ دۆستەكان دەلین "ئەوانە ئەو قوربانیە بیتاوانانەن كە بۆ دریژایی ژیانیان بە قورس ترین ئـازارەوە دەنالینن تـامردن." ریكخراوی مافەكـانی ژنـان كە روخسەتی چونە ناوەوەو كاركردن و یارمەتی دانی پزیشكی هەیە نیشانیدا كە 67٪ لـە كـۆی 000 , 250 ژن كـە ئیغتـصابكراون و ئیـستا ماونەتـەوەو تـووش بـوون بـە ( HIV ) . ئـەو گروپـە دەلیـت ئـەو شـالاوی ئیغتصابكردنانە بوونەتە ماشینی بلاوكردنەوەی ( HIV ).

,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,

,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,,

**تیبینی :**

1. ئەم بابەتە لە لایەن ( Olivia Ward ) نوسراوەو لەرۆژنامەی ( Toronto Star ) كە لە تۆرۆنتۆ دەردەچیت بلاوكراوەتەوە.
2. ( HIV ): Human Immunodeficiency Virus ، مرض ضعف مناعه المكتسبه ایدز .